www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:42 3-10-2006

## با سیخوڕەکان خەڵات بکەین.. !! ... ڕێدار ئەحمەد

بڵاوبوونەوەی چەند لیستێك ناوی (سیخوڕ) لەهەردوو ڕۆژنامەی هاوڵاتی و ئاوێنەدا سەرنجی نەك تەنها شەقامی کوردی، بەڵکوبەرزترین ئاستی سیاسی کوردیشی بۆ خۆی ڕاکێشا و بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە درا.

پێکهێنانی لیژنە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کارێکی گرنگ و پیرۆزە، بەڵام بەو مەرجەی لێکۆڵینەوەکە تێر و تەسەل بێت و گشت لایەك بگرێتەوە.

پاش بڵاوبونەوەی فایلەکان ژمارەیەك بەرپرس کەوتنە بەرگری لەهەندێك کەس کەناوی لەو لیستەدا و هەندإ کەسیشی بەخەڵکی زیاتر ناساند و بوو بەخێر بۆیان، هەندێکی دیکەش خۆیان یان حزبەکانیان ڕایانگەیاندوە کە بەپرسی لایەنەکانیان ئەو پەیوەندییەیان بەستووە.

بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو پەندە باڵانسی مابێت (مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە) ئەوا لەمەسەلەی ئەم فایلانەدا بێئومێدم، بۆچی؟ ڕەنگە هەندإ کەس ئەم پرسیارە بکات، چونکە هەڵەئێستاوە بەشەگەورەکەی لی لادەدرێت و پاکانەیان بۆ دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە کەس باس لەو گەورە فایلدارانە ناکات کەپێشتر فایلەکانیان بڵاوکرایەوە لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان، کەبەڕای من ئەوانە مەترسیدارتر بوون، چونکە زۆرێك لە ناوەکانی ئێستا ئەگەر فایلەکانیشیان تەواو بێت تەنها لەسەر بەرپرسانی حزبەکانی خۆیانە کەهەندێکیان بەرپرسەکان خزمی نێزیکی خۆیانن، دوای ئەمە کإ بەکاری لێکۆڵینەوەکە هەڵدەستێت؟ چونکە بەداخەوە لەکوردستان ڕەوشێکی وەها فەراهەم هاتووە ئەزمەی متمانەیە، نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان لەسەر هەموو ناوێك دادەنرێت و پێشینەی حزبی دەخوێنرێتەوە، لەپاڵ ئەمەدا دەسەڵاتی سیاسی کوردی فێری جۆرە یارییەکی ناشیرین بووە و سوود لەڕەوشی بێمتمانەیی وەردەگرێت، تا هاووڵاتیانی کوردستان نەتوانن سەنتەر و ڕۆژنامە و ناوەند و ڕێکخراوی کارایان بۆ دروست ببێت، بۆ ئەمەش کەهەندإ ڕێکخراوی بێلایەن لە گەشەکردندا بوون ئەو هێزە سیاسیە کوردانە هاتن هاوشێوە ئەوان ڕێکخراوی حزبیان دامەزراند و متمانەی خەڵکیان بەڕێکخراوەکانی پێشتریش لاواز کرد، کە ڕۆژنامەی ئەهلی دروست بوو ڕۆژنامەی بەناو ئەهلیش هاتە ئارا، زۆر بواری دیکەش بەهەمان شێوە، ترسی ئەوەم هەیە فایلی لەو جۆرەش بارەکە تێکبدات.

لەکۆتاییدا ئەو ئاواتەم هەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردی هەر بڕیارێك دەدات جدی بێت لە جێبەجێکردنیدا، ئەگەر زیانی بۆ پەزەکانی خۆیشی هەبوو گوێی پإ نەدات و متمانەیەك بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە ئەگینا خەڵاتی سیخوڕە پاڵەوانەکان بکەن چاکترە چونکە لە هەرکامیان بپرسیت پێی وایە بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی ئەو کارەی کردووە!